

کەریم دەشتی



# گەڕان بە دوای یەقیندا

## تێگەیشتنی ئەقڵانی بۆ مەعریفە

ئەسڵی چەمکە ئاڵۆزەکانی مەزهەبە فەلسەفییەکان دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە هاندەرەکانی دەرەوەی مەودای لۆژێک کە دەچێتە ناو پرۆسێسی بیرکردنەوە لە ڕێگەی زمانی مەجازییەوە، فەیلەسوف ڕازیبوونێکی وەهمی دەبەخشێتە هەوڵەکانی خۆی بۆ پێشکەشکردنی تەفسیرێک خەسڵەتی گشتگیری (العمومیه)ی تیا بێ، ئەوەش وا دەکات کە شیعر بئاخزێتە مەودای مەعریفە، واتە بوونی مەیلێک بۆ دروستکردنی دونیایەکی خەیاڵی لە وێنە، ئەوەشیان مەیلیکە دەکری ببێتە بەهێزتر بەهێزتر یاخود بێ لە مەودای هەوڵدان بۆ

حەقیقەت، ئەو مەیلەش بۆ بیرکردنەوەی مەجازی شایستە ئەوەیە پێی بڵێین پاڵنەرێکی دەرەکی لە مەودای لۆژێکدا، چونکە نوێنەرایەتی جۆرێک لە شیکردنەوەی لۆژیکی ناکات، بەڵکو ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستییەکی زەینی کە ناچێتە ڕیزی لۆژیکەوە، پاڵنەرێکی دیکە هەیە لە دەرەوەی مەودای لۆژیکدا کە زۆر جاران دەچێتە نێو پرۆسێسی شیکردنەوە، سەرەڕای ئەوەی کە مەعریفەی وەرگیراو بە تێبینی حیسی کە بە گشتی سەرکەوتووە لە ژیانی ڕۆژانەدا. بەڵام لە تواناماندا هەر زوو دەرک بەوە بکەین کە ئێمە ناتوانین زیاد لە پێویست پشتی پێ ببەستین، لێرەدا هەندێ یاسای فیزیکی سادە هەیە، وا بەدیار دەکەوێ با بە جیاوازی کردنی شتێک لێیەوە وەکو ئەو یاسایەی کە دەڵێ ئاگر گەرمە، ڕاست بێت، یاخود، مرۆڤ یاسایە (یاخود ئەو تەنانەی لەسەر شتێک نین بەردەبنەوە، بەڵام چەند دەستوورێکی دیکە هەن کە شتیان لێ دەگێڕێتەوە وەک ئەو دەستوورەی دەڵێ: ئەو تۆوەی کە لە زەویدا دادچێنرێ شین دەبێ، یاخود دەستوورەکانی کەش هەوا یا دەستوورەکانی چاکبوونەوەی نەخۆشیی مرۆیی، زۆر جاران تێبینی کردنی گشتی وا دەکات ئەو دابڕ کردنانە هەتا لەو یاسایانەی کە زۆر وردیشن کەشف بکەین.

نموونەیەک بۆ ئەمە: ئاگری مێشوولە (مێشوولەی ئاگر) گەرم نییە لانی کەم بە مانای باوی وشەکە، هەروەها گڵۆپەکانی سابوون بۆ سەرەوە هەڵدەگەڕێ (هەرچەندە بەسەر هیچەوە نییە) لە کاتێکا لەوانەیە ئەو دابڕکردنانە (استثناءات)بە وەزعێکی وردتری یاسا تەفسیر بکەین، کە دەستنیشانی مەرجەکانی داڕژانی مانای لەفزەکان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە گومانەوە دەمێنێتەوە سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ ئەم داڕشتە تازەیە خاڵی لەو دابڕکردنانە یاخود کەشفی تازە بە دیار بکەوێ کە جۆری کەمی لە داڕشتە چاکراوەکەدا بەدیار بخات، گومانی تیا نییە کە ئەو گومانە هەنجەتی بەهێزی خۆی هەبووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی پێشکەوتنی زانستی هێنایە ئاراوە لە ڕووی بەدوورخستنەوەی تیۆرە کۆنەکان و گۆڕینیان بە تیۆری تازە.

سەرچاوەیەکی دیکەش هەیە بۆ ئەو گومانە ئەویش ئەوەیە کە تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانی ناوەومان دابەش بۆتە سەر

دونیای واقیع و دونیای خەون، زەرورەتی دابەشکردنی ئەمە لەڕووی مێژوویییەوە کەشفێ بوو لەماوەی درەنگ وەختی پەرەسەندنێ مرۆڤ، ئێمە دەزانین کە گەلاکانی بەرایی لەسەردەمی ئێمەدا، سنوورێک دانانی کە ڕوون ئاشکرا بێت لەمیانی ئەم دوو دنیایە. مرۆڤی بەرایی کە خەونی بەوە دەبینی کەسێک هێرش دەکاتە سەر ئەو، خەونەکەی دەبووە هەقیقەت پیاوەکەی دیکە دەکوژێت، یاخود خەونی بەوەوە دەبینی ژنەکەی فێڵی لێ دەکات لەگەڵ پیاوێکی دیکە، ئەویش هەڵدەستایە ئەنجامدانی هەمان کار وەک تۆڵە، یاخود هەوڵی دەدا تۆڵەی لێ بکاتەوە، جا شیکەرەوەی سایکلۆژی ئامادە بوو داوای عوزر بکات بۆ ئەم پیاوە تا ڕادەیەک بەوەی کە ئاماژە بەوە بکات کە ئەم جۆە خەونانە بەبێ هۆ نەبوون، لای کەم ئەو گومانانە هەنجەتبار دەکات، ئەگەر سزاکە هەنجەتبار نەکاتن، بەلام مرۆی بەرایی بە پێی ئەو شتانەی شیکردنەوەی سایکلۆژی کاری نەدەکرد بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە جیاوازی میانی خەون واقیعی نەدەکرد.

هەرچەندە مرۆی ئێستاکە جیاوازی ڕوونی ئاشکرای ئەم دوو دنیایە دەکات تێکەڵیان ناکات، بەلام شیکردنەوەیەکی کەم بۆمان دەردەخات کە بڕوای ئەم مرۆیەی ئێستاش ناگاتە پلەی یەقین. جا، چونکە ئێمە کە خەون دەبینین نازانین کە خەون دەبینین بەڵکو دوایی دەزانین کە خەونەکەمان خەونەو واتا کە لە خەو هەستاینەوە ئەوی چۆن دەڵێین ئەزموونەکانی ئێستاکەمان دەتوانین زیاتر لە خەون پشتیان پێ ببەستین؟ لەبەر ئەوەی ئەو ئەزموونانە بە شعوری واقیعەوە پەیوەستن وای لێ نایەت کە زیاتر پشتییان پێ ببەستین. چونکە ئەو شعورە خۆی لە خەونەوە بۆمان دروست دەبێ، هەروەها ناشتوانین ئەو ئیحتیماله دوور بخەینەوە کە ئەزموونەکانی داهاتوو دەیسەلمێنێ کە ئێمە ئێستاکە خەون دەبینن مەبەستیش لەمەدا ئەوە نییە کە باوەڕی مرۆڤی ئاسایی لەق بکەین سەبارەت بە ئەزموونەکانی ، بەڵکو ئەو حوجەتە ئەوە بەدیار دەخات کە ئێمە ناتوانین باوەڕی موتڵەقمان هەبێ سەبارەت بەو لێ دڵنیانەبوونە (ثیقەیە).

فەیلەسوف هەمیشە هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد، چونکە نەدەکرا پشت بە دەرک پێکردنی هەستی پێ بکرێت. هەمیشە بەم جۆرە بیرکردنەوانەوە ئەم دڵەڕاوکێیەی

دەردەبڕی کە پێشکەشمان کردن، هەروەها باسی فێڵی حەواسەکانیان دەکرد لە کاتی بە ئاگاییدا، وەک خواربوونی دارێک کە لە ئاو دەنرێت. یاخود وەک سەراب لە بیاباندا بۆیە کە هەستی بە شادی دەکرد کاتێ کە لانی کەم مەودایەکی دەدۆزییەوە لە مەوداکانی مەعریفەت پێی وابوو دووره لەو فێڵە ئەویش مەودای مەعریفی ماتماتیکی بوو.

ئەفلاتوون وای سەیری ماتماتیک دەکرد کە بەرزترین وێنەی مەعریفەیە، کاریگەریەتی ئەفلاتوون بەشدارییەکی زۆری کرد لەو بیرورا بەربلاوەی کە دەڵێ مەعریفەت نابێتە مەعریفە ئەگەر وێنەی ماتماتیک وەرنەگرێ، بەلام دونیای تازە هەرچەندە ماتماتیک بە ئامێریکی سەرەکی دادەنرێ بۆ لێکۆڵینەوە. ئەم حوکمە بێ قەیدو شەرت قبوڵ ناکات. بەڵکو تەئکیدی ئەوە دەکات کە ناکرێ لە دونیای ئەزمونگەریدا تێبینی فەرامۆش بکەین، بەڵکو ئەوە بۆ ماتماتیک بەجێدێڵین ئەویش گرنگی سەلماندنی پەیوەندییەکانە لە میانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەزمونگەری و بەس. ماتماتیکیش ئامادەیی خۆی بە تەواوی دەردەخات بۆ بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییە ماتماتیکیانە وەک ڕابەرێک بۆ دۆزینەوەی تازە کە پشت بە تێبینی دەبەستێ.

زانستی ئەزمونگەری بە مانای تازەی ئەم دەستەواژەیە لە میانی میتۆدی ماتماتیکی میتۆدی تێبینی خۆی دەگونجێ، ئەنجامەکەشی یەقینێکی موتڵەق نییە، بەڵکو پلەیەکی بەرزی (لە وانەبازی) تیایە دەکرێ بۆ هەموو مەبەستێکی زانستی بە ڕادەیێکی باش پشتی پێ ببەستین.

بەلام بیرۆکە مەعریفەی ئەزمونگەری لای ئەفلاتون شایانی ئەوەیە وەک ڕێگرێک بەدیار کەوێ، کاتێ کە مەعریفەو مەعریفەی ماتماتیکی یەکخست ویستی بلێ تێبینی نابێ دەوری مەعریفی هەبێ یەکێ لە قوتابیانی سوکرات لە محاوەرەی فیدون گوتی: ئەو هەنجەتانەی پشت لەوانەبازی (احتمالات) دەبەستێ قوولاییە ساختەیە (زائف) چونکە ئەفلاتون داوای یەقینی دەکرد نەک چاک بە زانینی شکاندنەوەی لێگەڕانەکی (ئیستقرائی) کە فیزیکی نوێ وای دەبینێ کە تاکە ئامانجە دەتوانین بیگەینێ.

یۆنانییەکان زانستی فیزیکیان نەبووە کە بەراوردی بکەین بە زانستی خۆمان، ئەفلاتونیش نەیدەزانی چەندە ئەوەی کە

دەتوانین بەدیبهێنین لە ڕێگەی کۆکردنەوە لە میانی میتۆدی ماتماتیکی و تاقیکردنەوەدا لەگەڵ ئەوەشدا زانستێکی سروشتی هەبوو هەتا سەردەمی ئەفلاتونیش سەرکەوتنێکی زۆری بەهۆی ئەو کۆکردنەوەیە بە دەست هێنا، ئەویش زانستی فەلەک بوو، چونکە یاسای ماتماتیکی سوڕانەوەی ئەستێرەکان بە پلەیەکی گەورە لە حوکمەکان دۆزرایەوە بەهۆی تێبینی وردی ئەنجامگری (ئیستدلال)ی ئەندازەیی. بەلام ئەفلاتون ئامادە نەبوو دان بە ڕۆڵی تێبینیدا بنێت لە فەلەکدا، بەڵکو تەئکیدی ئەوەی دەکرد کە فەلەک زانست نییە، تەنیا بە قەدەر ئەو بزاوتەی کە ئەستێرەکان هەیانەو لە ڕێگەی ئەقڵ و زەین تێیان دەگەین، ئەفلاتون دەیگوت: (ئەرکی ئەستێرەناسە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە وەلانێ و بچێتە ناو بابەتەکەی خۆی لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەشە ئاقڵەکەی خودی خمان).

ئەوەشیان چەند وتەیەکن کە تەعبیر لە ڕەتکردنەوەی زانستی ئەزمونگەری دەکەن.

ئەو فەلسەفەیەی کە پێی وایە ئەقڵ سەرچاوەی ناسینی دونیای فیزیکی بەناوی مەزهەبی ئەقڵ بە (Rationalsim) دەبێ بە وردی جیاوازی بکەین لەمیانی ئەو وشەیەو ئەو سیفەتەی لەم وشەیە هەڵچنراوە ئەویش ئەقڵانیە، (Rational لەمیانی Rationaltic) پێی دەگەین چونکە وا دەخوازێ کە ئەقڵ بەکاربهێنین و پیادەی سەر تێبینی بکەین. بەلام ئەقڵانییەت نییە چونکە ئەو سیفەتە پیادە نابێتە سەر میتۆدی زانستی، بەڵکو پیادە دەبێتە سەر میتۆدی فەلسەفی کە ئەقڵ وەک سەرچاوەیەک بۆ مەعریفەی تەرکیبی پێویست بە زانست وەردەگرێ و تێبینیش مەرج بەند ناکات بۆ ئەوەی مەعریفەت بێتە کایەوە.

ئەفلاتون یەکەم فەیلەسوفی ئەقڵی نەبوو، بەڵکو فەیلەسوفی ماتماتیک (ڤیساگۆرس) (٥٤٠ پ. ز)، بەلام بەر لەو هەبوو، کە زانست زانیارییەکانی زۆری کاریگەرێتی هەبوو بەسەر ئەفلاتون ئەو فەیلەسوفەی کە واز لە تێبینی ئەزمونگەری دەهێنێ بەو وەسفەی کە سەرچاوەی حەقیقەت لەمیانی خۆی و لەمیانی سونیگەریەتی هێندەیان نێوان نییە، تەنیا هەنگاوێک نەبێ جا ئەگەر ئەقڵ توانای هەبێ مەعریفە خەڵق بکات ئەوا ئەنجامەکانی دیکە کە زەینی مرۆیی دروستی دەکات، لەوانەیە شایانی ئەوە بێ پێی بگوترێ مەعریفە هەر لەو چەمکەوە

ئاوێنەیەکی غەریبی نێوان بۆچوونی سۆفیگەریەتی و بۆچوونی ماتماتیکی دێتە ئاراوە.

لەبەر ئەوەی (ڤیساگۆرس) ئەوەندە بایەخی بە ژمارەی لۆژیک دەدا لەرووی ئایینییەوە تاوای لێهات بڵێ هەموو شتەکان ژمارەن کە ئەوەش بیرۆکەیەکە ناتوانرێ وەربگێردرێ بۆ چەند دەستەواژەیەکی مانادار تیۆری دۆنای دۆن یاخود (کۆپاندنی ڕۆح) لە شتە سەرەکیەکانی ڤیساگۆرس بوو لەوا گریمان دەگرێ، لە ئەقیدەی ڕۆژهەلاتی وەریگرتبێ، ئەفلاتونیش بەم تیۆرەی زانیوە لە ئەنجامی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڤیساگۆرسیەکان، هەروەها ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت تیژبینی لۆژیکی دەتوانێ خەسڵەتەکانی دونیای ماددی کەشف بکات کە بیرۆکەیەکە بە دەوری خۆی بۆ ئەسڵی ڤیساگۆرسی دەگەڕێتەوە. ڤیساگۆرسیەکان جۆرێک لە پەرستنی ئایینیان ئەنجام دەدا. کە شێوازێ سۆفیگەرێتیان پێوە دیار بوو، دەڵێن مامۆستایان بەسەریاندا فەرزی کردبوو لەوانە فێر بووبوون کە جێی مەترسییە مرۆ بۆچوونی هەبێ سەبارەت بە جەستەی خۆی لەسەر بالینگاندا، لەسەریان بوو کە نوێنی خانەوادەیان ڕێک بخەن کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستن.

سۆفیگەریەتی چەند شێوەیەکی دیکەی هەیە، پەیوەست نییە بە ماتماتیک، سۆفیەکان هەمیشە ڕقیان لە ئەقڵ و لۆژیکە، هەمیشە قینی خۆی بۆ بەهێزی ئەقڵ پیشان دەدا، سۆفیەکان دەڵێن ئێمە ئەزمونێکمان هەیە لەسەرووی سروشتەوە، کە حەقیقەتێکی بێ گرێ و گۆڵیان بە دیدگایەکی ڕاستەوخۆ پێ دەبەخشی، سۆفیە ئاینیەکان سەرچاوەی ئەم بۆچوونانەن.

مەزهەبی ئەقڵی لای دیکارتی فەرەنسی (١٥٩٦- ١٦٥٠) هەمیشە ئەو هەنجەتانەی پێشکەش دەکرد، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مەعریفەی بونیات نراوە، لەسەر ئیدراکی حیسی یەقینی نییە، بۆیە دیکارت هەمیشە لە دڵەڕاوکیدا بوو، سەبارەت بەوەی کە مەعریفە یەقینی نییە، دیکارت سەلماندنەکانی خۆی لەسەر یەقینی ڕەها و لە ڕێگەی فێڵی لۆژیکی بونیات دەنا، دەیگوت: (من دەتوانم گومان لە هەموو شتێ بکەم، جگە لە یەک شت ئەویش ئەوەیە کە من گومان دەکەم، بەڵام کە گومان دەکەم بیر دەکەمەوە کە بیریش دەکەمەوە دەبێ

هەبم، تا بەم جۆرە بوونی -من-ی سەلماند لە ڕێگەی ئیستدلالی لۆژیکی، بەم جۆرە ئەو دارشتە سیحرییەی بریتییە لە ((من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)).

زاناکانی سایکۆ ئەو هەولانەی کە بۆ یەقین ئەنجام دەدرێ وا تەفسیر کردووە کە ئارەزوویەکە بۆ گەڕانەوە سەر قۆناغی منداڵیتی، کە قۆناغێکە گومان لێڵی نەکردووەو حیکمەتی دایک باوک ڕابەریەتی دەکرد ئەم ئارەزووەش هەمیشە بەهۆی ئەو پەروەردەوە بەهێز کراوە کە منداڵ لەسەر ئەوە ڕادێنێ کە گومان بە گوناه بێنێ، سیقەو گومان نەکردنیش ئایین پشتی دەگرێ.

- ئیمانوێل کانت (Immanuel kant (1724-1804)) بوو کە دەرکی بەوە کرد یەقینی خودان سروشتی پێکهاتەیی لە پێشەکیەکانی شیکردنەوە وەرناگرێت بەڵکو پێوەرێتی بە پێشەکی پێکهاتە هەیە کە هیچ ڕێگایەک بۆ ڕاستی شەک نییە، یاخود بۆ شەک لە ڕاستی خۆیدا، کانت پێی دەگوت مەسەلەی پێکهاتەیی هەیە کە هیچ ڕێگایەک بۆ ڕاستی شەک نییە یاخود بۆ شەک لەڕاستی خۆیدا، کاتێ پێی دەگووت مەسەلەی پێکهاتەیی پێشینە (-synthe ti capyioyi وشەی پێشینە مانای ئەوەیە کە لە هیچ ئەزموونێک وەرنەگیراوە یاخود لەهیچ ئەقڵێک کەڕاستی موتلەقی هەیە وەرنەگیراوە، فەلسەفەی کانت هەوڵی گەورە بوو بۆ سەلماندنی بوونی ڕاستییە پێکهاتەییەکانی پێشینە کە لە گۆشە نیگای مێژوویدا نوێنەرێتی دوا بونیاتی گەورە دەکات بۆ فەلسەفەی ئەقڵی، کانت بەسەر ئەفلاتون و دیکارت کەوت چونکە خۆی لەهەڵەی ئەوان بوارد، کە ئەوانیش بۆ هەمان ئاقار دەچوون، چونکە کانت پابەندی ئەو قسەیە نەبوو کە دەڵێ نموونەی ئەفلاتونی هەیە هەروەها ئەو فێڵەی دیکارتیشی نەکرد، بەڵکو ئەو وەک ئەفلاتون بە مەعریفەی ماتماتیکی دەستی پێکرد بە تەئویل کردنێکی زیرەکانە بۆ مەعریفەی ئەزموونگەری. کانت هەمیشە پرسیاری ئەوەی دەکرد ئاخۆ مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە چۆن دەبێ؟ هەر خۆشی وەڵامی دەدایەوە بەوەی کە دەلیلی هەبوونی لە ماتماتیک و فیزیکی ماتماتیکی وەرگیراوە.

کانت دەرکی بەوە کردبوو کە ئەندازەی _ ئەقلیدس - چەقێکی دەگمەنی هەیە چونکە ئەو کەشفی پەیوەندی پێویستی کرد کەبەسەر بابەتە ئەزموونگەرییەکانەوە

دادەهات، هەروەها دەرکی بەوە کرد کە وردی سەلماندنی ماتماتیکی ناکرێ بۆ باشی ئەزموونگەری تەفسیر بکرێ لەتێورەکانی ئەندازە.

بەم جۆرە کانت مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە بەوە دەسبەلێنێ کە بگەڕێتەوە سەر ڕێگە ڕۆیشتنی زانست واتە بناغەی فەلسەفی کانت بریتییە لەوەی کەبلێ زانست مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە گریمان دەکات هەوڵەکانی کانت بۆ گەیشتن بە یەقین جۆری سۆفیگەریەتی نەبوو کە دونیای ئایدیا ببینێ، هەروەهاواش نەبوو کە بەرەو فێلی لۆجیکی بچێ تا یەقین بدۆزێتەوە وەک دیکارت بەڵکو پشتی بە زانست دەبەست بۆ ئەوەی بگاتە یەقین.

کانت دەیگوت کە قۆناغی کۆتایی مەعریفەی زانستی فیزیکی (نیوتن)ە کە بۆ مەرتەبەی فەلسەفی بەرزی کردەوە، بەم جۆرە بە دۆزینەوەی پرینسیپەکانی نیوتن لە ئەقڵی پالاوتەدا گەیشتە ئەوەی کە تەبریرێکی ئەقڵی تەواوی مەعریفە بدۆزێتەوە، ئیدی گەیشتە ئەوەی کە پێشوو نەیدەگەیشتنێ ناونیشانی کتێبەکەی - ڕەخنە لە ئەقڵی پالاوتە - بەرنامەی فیکری ئەو دەست نیشان دەکات، کە ئەقڵی کرد بە سەرچاوەی مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە بەمجۆرە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی سەلماندی کە ماتماتیک و فیزیکی باو لە ڕۆژگاری ئەودا حەقیقەتێکی زەروریان هەبووە دەبێ دانی پیابنێین کە تەفسیری کانت بۆ مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە بەرزتربوو لەهی ئەفلاتون بۆ ئەم بابەتە، چونکە ئەفلاتون گریمانەی ئەوەی دەکرد کە بۆ تەفسیری قودرەتی ئەقڵ بەسەر مەعریفەی سروشتی دەبێ دونیایەک لە شتە نموونەیەکاندا هەبا کە ئەقڵ دەرکی پێ بکات بەڵام کانت ئەم بۆچوونە سۆفیانەی نەبوو بەڵکو دەیگوت ئەقڵ مەعریفەی هەیە، سەبارەت بە دونیای فیزیکی چونکە ئەو وێنەیە دروست دەکات کە بۆ دونیای فیزیکی بونیاتی دەنێین، مەعریفەی پێکهاتەیی بەرایی دەگەڕێتەوە بۆ زاتی خۆی، ئەوە مەرجێکە زەینی مرۆیی بەسەر مەعریفەی مرۆیی لە سەرەوەڕا فەرزی دەکات، نموونەیەک لەم بارەیەوە:

ئەگەر یەکێک چاویلکەیەکی شینی لە چاو بێت دونیا شین دەبینێ، بەڵام ئەگەر ئەو خۆی و ئەو چاویلکەیە وا لە دایک بوایە ئەوا بەوە سەیری ئەو شینەی دەکرد کە سیفەتێکی زەرووری بێ لەهەموو شتەکان، بەڵام دەبێ کاتێک بەسەر بچێ تا کەشفی دەکات کە ئەوە ئەوەیە لانی کەم چاویلکەکەیەتی.

**سەرچاوە: کتێبی، جذور الفلسفة التاملية، هانس ریشنتباخ**